KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
17-10-2007 1:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سڵاو لە سەرکردەی ئاشتی و ئاوەدانی نیشتمانەکەم سڵاو ... فیصل چاوشین**



سڵاوله شارەکەم قەڵاو منارە سڵاو
زۆرن ئەو کەڵە تێکۆشەرو فەرماندە مەیدانیانەی گەلەکەمان، خۆشەویسترین کەس و جەستەی لەشیان کردە قوربانی بۆ خاك و نەتەوەکەیان.
بەڵام کەمن ئەوانەی دوای خەبات و ماندوو بوون و فیداکاریەکی لە ئەژمار نەهاتوو توانی بێتیان درێژە بە رەوت و خەبات و تێکۆشان بدەن.
سەرە رای هیلاکی جەستەییان و سارێژ نەبوونی کۆنە زامەکانیان، کە لە مەیدانی بەرگری و هەڵمەت بردن بۆ سەر دووژمانان و ناحەزانی میللەتەکەیان، بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کرد.
کاك کۆسرەت.
یەکێکە لەو سەرکردە جەربەزانەی کە وا هیچ کاتێك ماندوو بوون و هیلاکەتی پێوە دیار نەبووە و کوردستانی جی نەهێشتووە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنیش کەم جار چۆتە دەرەوەی وولات.
ئەو فەرماندەو سەرکردەیە.
کام تاشەبەردی کوردستانەکەم هەیە سەنگەری لە پەنا نەگرتبێت.
کام کوێرە رێگاو رازەشاخ هەیە کوتەکی تیا نەشکاندبێت.
کام داستان و نەبەردی هەیە سەرپەرشتی نەکردبێت.
کام مۆڵگەو بارەگای دووژمن هەیە هەڵمەتی بۆ نەبردبێت.
ئێستاش دوای هەواڵی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەی کام کورد هەیە، خەندەی خۆشی تەواوی جەستەی دانەگرتبێت.
کە هاوکات بوو لەگەڵ گەورەترین جەژنی پیرۆزی موسڵمانان کە لە لایەن هەوادارنی کرا بە دوو جەژن.
هەر بۆیەشە لە رۆژانی جەژن و دواتر لە مزگەوتەکانی کوردستان و لە هەموو ماڵێکی کورد دەستی نزاو پارانەوە بۆ ئاسمان بەرز ئەکرایەوە هیوای تەندروستی و زوو گەرانەوەیان بۆ ئەخواست.
لە خوای گەورە ئەپارێینەوە بۆ جارێکی تر سەرکردەی ماندوو نە ناس و خۆشەویست و تێکۆشەرمان بە سەلامەتی و لەشێکی ساغ بۆمان بنێرێتەوەو مناڵانی چاو گەشی شەهیدان لە نازی باوکیان بی بەش نەبن کە سەرکردەی مەیدان و بەرەنگاربوونەوە خۆیی بە باوکیان ئەزانی و خەندەو بزەی خۆشیان بۆ بگێریتەوە.
ئەو تەمەنەی کە ماویەتی تێیدا بتوانێت ئەو خەونانەی کە لە پێناویدا تیکۆشا بوو بیهێنێتە دی.

بەرهەمی ماندوو بوون و هیلاکی جەستەی پیرۆزت ئەمرۆیە کە لە سایەیان لەگەڵ گەورەترین مامۆستای دبلۆماس و رابەری کوردایەتی هەڤاڵ (مام جلال) لە فرۆکە خانەی نێو دەوڵەتی سلێمانی بەرەو کۆشکی سپی لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرێکەوتن ولە لایەن گەورە بەرپرسانی ئەم وولاتە پێشوازی کران و هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ دایی.
سڵاو لە وولاتی پڕ شەهیدو پڕ لە دایك و باوك و خوشك و براو مناڵی چاوگەشی شەهیدان ئەنێرم بۆ سەرکردەی سمبولی ئاشتی و ئاوەدانی وولاتەکەم.
سڵاو بۆ ئەو سەنگەرەی کە لە بۆنی بوونی تۆ شێر چۆکی ئەلەرزیی و دڵی ئەتۆقا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-10-2007 1:41بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

سڵاو لەو دایکەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەستەو دووعا لە شەوانی مانگی ڕەمەزانان دەستیان بەرز ئەکردەوە بۆ ئاسمان و داوای چاکبونەوەیان بۆ ئەکردی.

سڵاو لە شارەکەم قەڵاو منارە کە هەردەم وەفادار بوون و ئەو ڕۆژنەیان لە یاد نەچوو بوو کە لە شەوانی ئەنگوستە چاودا پاسەوانیماڵەکانیان بووی.

ئەمرۆ تەواوی داستانەکانت دەستەو دووعا بۆ سەلامەتیت لە بەر دەمتا وەستاون.

ئەمرۆ نیشتمانی دایك خۆی بۆ گەرانەوەت بە سەلامەتیت لە ئامادە باشی دایە بۆئەوەی جارێکی تر بتگرێتەوە باوەش.

هەولێر لە بیرتە نیو سەدە پێش ئێستا لە شەوانی ئەنگوستە چاوو سەرماو سۆڵی زستان تەنها چرپەی پێیەك ئەهات کە پاسەوانی یەکەیەکەی ماڵەکانتان بوو.

هەولێر لە بیرتە ناڵەی ئەو شەهیدەی کە لە دوای سەرکردەت لە ناو جەرگەی شارە هەر بە پێیوە شەهید بوو.

هەولێر لە بیرتە بڵند گۆی مزگەتەکانت لە شەودا دەنگی شێرەکەی تۆیی لی ئەبیسترا.

هەولێر کام کوچەو کۆڵانت هەیە لە کاتی نەشتەر گەری شێرەکەت نەکەوتبێتەوە یادی شەوانی شۆرشی نوی.

هەولێر تۆ بەرزی قەڵاکەت، تۆ گۆرستانی شەهیدانت، تۆ دایکی جەرگ براوت، تۆ باوکی پشت شکاوت، کام سەرکردەت هەیە لە سەرکردەی تۆ بچێت و نیو سەدە لە خەبات تێکۆشان و هیلاکی جەستەیی بیر لە ماندوو بوون نەکاتەوە بۆ سەربەزی و سەر بە خۆیی وولاتەکەت.

نیشتمانەکەم کام گوڵت هەیە لە کاتی موژدەی سەلامەتی سەرکردەی بە وەفا بۆ خاکەکەت بە خوێنی شەهیدێك ئاو نەدرابێتەوە.

نیشتمانەکەم چ شێرێك شك ئەبەی بۆ ساتێکیش بتوانێت چاو لە چاوی شێرەکەی تۆ هەڵبرێت.

لەگەڵ ڕێزوو چەپکە گوڵێکینێرگز بۆ کاکی سەرکردەم کاك کۆسرەت

دڵسۆزت فیصڵ چاوشین /کۆیلەیی
07301172274



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.